پێویستە دەنگی نارەزایەتی خەڵک ئاراستەی کێ بکرێت؟ لا ٢

# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر: سالم محمەد


ژمارە١٢ ٢٠٢٠/٨/١٣ ڕۆژی پێنج شەمە


## نهێنییەکانی پشت هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغداد




بزوتنەوەی گۆڕان سەلماندی کە خەمخۆری گەلە/ شۆڕش حمید لا ٣

ئەوە مەکۆیە بیسوتێنە/ هیوا عبدولله لا ٥

### پرسی ڕۆژ

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن

زاگرۆس محمد

بەڵام مەردبن و مەوەستن ئێمەش وەک شیرین دێنە پاڵتان بەس نەک نامەردانە ئەوەی ٢٩ ساڵە قوتی تۆ لوش دەدا،دەیدات بە ڤێلاو وەنەوشەو لێکزز بۆ کچ و کورە ناسکە کانیان بیرتان بچێت..

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن، بەڵام مەردبن نەوت دزو دوگ دزو هێلکە دزتان بیرنەچێت،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن بەڵام خیانەتکارانی٣١ی ئاب و١٦ ئۆکتۆبەرتان بیرنەچێ،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن، بەڵام بیرتان نەچێ کێ وەبیری خستن ئێوە پێویستان بەژیانێکی مەردانەیە،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن بەڵام زەردەشت کوژ و کاوە کوژەکانتان بیر نەچێ،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن بەڵام ٢٩ ساڵ عەزاب لەژێر سایەی حکومڕانێکی مافیای و دزو جەردەتان بیر نەچێ..

## پێویستە دەنگی نارەزایەتی خەڵک ئاراستەی کێ بکرێ؟

سالم محمەد

وەک ئاشکرایە هاولاتیانی کوردستان لە دۆخێکی سەختدان و هەلی کارکردن زۆر کەمبۆتەوە، جوڵەی بازارەکان کەمە مووچە بەردەوامە لە دواکەوتن و دەنگی نارەزایش لە جیاتی لە شەقام بێت لە ناو تۆرەکۆمەلایەتیەکانە، هەردوو پارتی دەسەلاتدارکە بەرپرسن لەم دۆخە کە بەر ئەنجامی شکستی سەرجەم ماوەی حوکومرانیانە بە بەرنامە و بە هێرشی میدیای لە رێگای پەیجە سێبەرەکانیاوە، وایان لە بەشێک لە خەڵک کردوە کە نارەزایەتیەکانیان ئاراستەی بزووتنەوەی گۆران بکەن.

نووسینێکی کورتی نووسەرێکی بەرێزم خوێندەوە کە بێ ڕوونکردوە و بوونی بیانووی عەقڵانی نووسیویەتی "پێویستە دەنگە نارازییەکان روی رەخنەکانیان لە گۆران بێت نەوەک حیزبەکانی دیکە ! دواتریش وەکو پاکانە بۆ نووسینەکەی کە هەندێک کەس داوای ڕووکردنەوەیان لێکردوە لە کۆمێنت یان قسەیان لە سەر پۆستەکەی هەبووە دەڵێت هیچ هێزێک لە مێژوودا وەک گۆران فریشتە ئاسا خۆی نیشانەداوە، ختوکەی خەڵکی نەداوە بە ناوی ریفۆرمەوە، دواتر بێ باک بووە بەرامبەر بە دەنگدەران و پرەنسیپەکانی.

سەرەتا دەمەوێت پێت بڵێم یان شارەزایی مێژووی (٥٠) ساڵی رابردووی هەردوو پارتی دەسەلاتدار نیت چ لە شاخ و چ لەشار کە بەڵێنی چەند گەورە و خەیاڵیان بە خەڵکی داوەوە یان خۆتی لێ بێ ئاگا دەکەیت، ئەوان بوون بەڵێنی دروستکردنی دەوڵەت و پاراستنی نەتەوە و مافی یەکسانی بۆ هەمووان و دروستکردنی تاکی پێشکەوتن خوازیان داوە لە دەرئەنجامیشدا کە هاتنە شار و خۆیان سەپان بەسەر کۆمەڵگادا بوون بە دوو میرنشینی خێڵەکی و هەرچی زۆربەی چینی کۆمەڵگایە مامۆستا، دکتۆر، ئەندازیار، رۆژنامەنووس، شاعیر، نووسەر ، روناکبیر ، مامۆستایانی ئاینی هەموویان بە جارێک لەبەرچاوی خەڵک ناشیرن کرد، کردیان بە بەشێک لە خۆیان بە زەبری پارە و پۆست، نەک بزووتنەوەی گۆران کە هێزێکی مەدەنیە و ئەوەندە خەڵک لە سێبەریا نوسیان وتیان ئێستاش بە شێکیان لە جیاتی رەخنەی دروستکەر و بەجێ بەردەوام هێرشدەکەنە سەری، کە بەشێکیان پێشتر لەنووخبە سودمەندەکەی ناو گۆرانیشبوون.

بە خوێندنەوەی وتارەکانی پێشووی بەرێزت گەیشتمە ئەو بروایەی  کە تۆ لەو کۆمەڵە نووسەرەی کە لە دوای ئەوەی لە کوردستان میدیای ئەهلی نەما و هەمووی بوو بە موڵکی شەخس و حیزب بۆ پارە، نوسین و بەرگری کردن لە نوسین جورئەتی دەوێت بەتایبەت نووسین لەسەر هەردوو پارتی دەسەلاتدار، هەر بۆیە ناچارن لەسەر هیلالی شیعی و ئالۆزیەکانی عێراق و ڕووداوەکانی تورکیا و رۆژئاوای کوردستان و قسەکردن لەسەر ناکۆکیەکانی نێوان ئێران و فالگرتنەوە لەسەر سیاسەتی ترامپی سەرۆکی ئەمریکا و قسەکردن لەسەر دادگاکانی ئەوروپا زۆر ئاسانتر بێت لەوەی قسە لەسەر کەمی خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستان و پرسی مافی مرۆڤ لە هەرێم و ئازادی نووسین و کاری رۆژنامەنووسی مووچە و بوودجەی هەرێم و سامانی سروستی هەرێم کە چەندێک تاکی کورد رۆشنبیری ئاو بەکارهێنانی ئاوی ماڵانی هەیە ئەوەندەش ئەوان خەمیان ئەم سامانە بمێنیت یان نا.لەجیاتی قسەکردن لەسەر دادگاکانی ئەوروپا و سیاسەتی ترامپ قسە لەسەر رۆڵی لاوازی دادگاکانی هەرێم بکرێت لە بەردەم حیزبەکان  و لە جیاتی سیاسەتی ترامپ قسە لەسەر کردنی کوردستان بە بازاری ساغ کردنەوەی بەرهەمی بەسەرچووی ولاتیان چواردەوری بکرێت باشتر نیە؟ درێژەی وتار لاپەرە ٣

درێژەی وتاری لاپەرە ٢

هەروەها نووسیوتە گۆڕان بێ باکە بەرامبەر دەنگدەر و پرەنسیپەکانی ، لەڕاستیدا گۆڕان بێ باک نیە بەرامبەر یەک دەنگدەریشی و پەرنسیپەکانیشتی لە یاد نەکردوە بە لاَم بە سیستەم کردنی حوکمرانی هەرێم بە شەو ڕۆژێک نابێت و گۆڕان هەموو جومگەکانی دەسەلاَتی لانیە تا بەهەشت دروستبکات و تەنها بە (١٢) کورسی پەرلەمانەوە بەشدارە لە حکومەت بەڕێزت، هەموو ئەوانەی داوای سیاسیەتی باشتر و توندتری گۆڕان دەکەن بەرامبەر یەکێتی و پارتی دەکەن و داوادەکەن نزیکتربێت  لە شەقامی نارازی، لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو دەنگتان بە بزووتنەوەکە بدایە، دۆخەکە بەم شیوەیە نەدەبوو، بەلاَم  دەنگتان بایکۆت یاخود دەنگدان بە حیزبەکانی تر بووە،  چونکە ئێستا وای لێهاتووە زۆربەی لایەنگرانی هەردوو پارتی دەسەلاَتداریش بێ شەرمانە  یەخەی هەڵسوراوانی گۆڕان دەگرن بۆ مووچە نیە بۆ ژیان خۆش نیە.

لە کۆتایدا دەڵێم بەڵێنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەڵێنی گەورە و گران نەبوون تا جێبەجێ نەکرێت بەڵکو چەسپاندنی ئەرک و مافە سەرەتایەکانی مرۆڤە لەسەرجەم سێکتەرەکانی ولاَتدا و ژیانیانە بە کرامەتەوە، بەلاَم کە خەڵک زۆربەی چەپلە بۆ نادادپەروەری لێبدان بزووتنەوەی گۆڕان چۆن بتوانێت دەسەلاَت بگرێتە دەست؟ هەروەهابەڕێزتان لە وتارێکدا بەناوی ڕەخنە قبوڵ نەکردن نووسیوتە" ڕەخنەگرتن گرنگترین ئامراز و سەرچاوەی شۆڕشە ڕۆشنبیری و کۆمەلاَیەتییەکانە." هیوادارم بەڕێزت ئەم ڕەخنە و سەرنجانەت پێ پەسەندبێت وەک خۆشت دەڵێت ڕەخنە سەرچاوەی شۆڕش و ڕۆشنبیریە، ئەگەربەرچاوت کەوت لە ئەکاونتی خۆت چۆن ڕەخنە دەنووسی و بلاَوی دەکەینەوە ئاوا ئەم ڕەخنەیش بلاَوبکەیتەوە.

---

## بزوتنەوەی گۆڕان سەلماندی کە خەمخۆری گەلە

**شۆڕش حمید**

بزوتنەوەی گۆڕان سەلماندی کە خەمخۆری گەلەو ئامادە نیە تەنانەت خوێنی ڕۆڵەیەکی کوردستان برژێت تەنانەت ئەگەر هەڵکوتنە سەر بارەگاو مەکۆکانیشی هەربژین پاسەوانان وڕۆڵەکانی گەل کە هەموو ڕۆڵەیەکی کوردو کوردستان بەخوشک وبراو هاورێی وهاونشتیمانی خۆتان دەزانین ئامادە نینین دەستان بچێتە خوێنی هاونیشتیمانیانمان ،

تەنانەت ئەگەر هاوڕاو هاوسەنگەریشمان نەبن بژی کورد بژی کوردستانبژی خۆپیشاندەرانی خاوەن حەق بژی بزوتنەوەکەی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفایی ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ئێمە لە گۆران وا پەروەردەکراوین نەرمونیان و دلفراوان بین بەرامبەر سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلەکەمان،بەرامبەر دوژمنیش سەربەرزو خاوەن ئیرادەو کەسایەتی جوامێرانەی کورد بین و،، سەرکەش و لەخۆبوردو بین ئەمە ڕیبازی نەوشیروانیزم فێری کردوین ، هەموو تاکێکی کورد بە خوشک وبرای خۆمان بزانین وەکو بیلبیلەی چاوەکانمان بیان پارێزین هەر سەرفرازبن.
نەسرەوتن تاسەرکەوتن ڕوحی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان مستەفایی ڕابەری بزاڤی ڕزگاریخوازیخوازی گەلی کوردستان هەمیشە شاد بێت.

نهێنییەكانی پشت هەڵوەشاندنەوەی رێككەوتنی هەولێر و بەغداد

شیكاری - د. سەنگەر سەید قادر*

-حكومەتی هەرێم تەنها لە هەشتی مانگی ئەمساڵدا (4.5) ملیار دۆلاری موچەی شەش مانگی فەرمانبەران قەرزدارە و لە ئێستاشدا تەنها (350) ملیۆن دۆلار لە گەنجینەكەیدا و رێككەوتنیش لەگەڵ بەغداد ئەگەرێكی كراوەیە هەرچەندە هەرێم واینیشانداوە كە گەشتوەتە بن بەست.

رێككەوتنی هەرێمی بەغداد بە كوێ گەیشتوە؟

ئەگەرچی حكومەتی هەرێم لە بەیانامەكەی دوێندا شكستی دانوستاندنەكانی خستە ئەستۆی بەغداد، بەڵام ئەوەی شكستی بە دانوستاندنەكان هێنا نێچیرڤان بارزانی بو چونكە:

-1لە كۆبونەوەی دو رۆژ پێش ئێستای یەكێتی و پارتیدا بە نێوەندگیری نێچیرڤان بارزانی و پشتیوانی قوباد تاڵەبانی رێككەوتن لەگەڵ بەغداد شكستی پێهێنرا.

چونكە بەغداد مەرجی رادەستكردنی داهاتی لەسەدا (50%)ی خاڵە سنورییەكانی بۆ هەرێم دانابو و هاوكات لەگەڵ بەرێوبردنی هاوبەش و چاودێركردنی خاڵە سنورییەكان لەلایەن بەغدادەوە.

كە ئەمەش جگە لە وەی جوڵەی خاڵە سنورییەكان دەخاتە ژیر چاودێری بەغداد هاوكات رێگریی دەكات لە قاچاخی دەرمان و جگەرە و نەوت و كحول كە لەلایەن كۆمپانیاكانی حیزبەوە دەستی بەسەردا گیراوە و داهاتی مانگانەی نزیكەی (105) ملیۆن دۆلار بوە پیش كۆرۆنا.

كە ئەمە بەتەنها زیان نییە بۆ پارتی و زیانیشە بۆ یەكێتی، هاوكات بە گرەنتی نێچیرڤان بارزانی بەڵێن بە یەكێتی دراوە ئاسانكاریی بۆ كۆمپانیاكانی یەكێتی بكرێت شمەک لە ئیبراهیم خەلیلەوە داخڵی هەرێم بكەن و بەشێک لە نەوتی یەكێتی رەوانەی توركیا بكرێت.

-2بەڵام هێشتا باڵی شێخ لاهور بە تەواوی رێككەوتنەكە رازی نەبوە و گومانی لە بەڵێنەكانی پارتی هەیە و لەبەردەم ئیحراجیەكی گەورەدایە چونكە بەڵێنی داوە ئەگەر موچە لێی ببڕدرێت لە حكومەت دەكشێنەوە هاوكات، ترسی لەتەقینەوەی دۆخە لە سنوری یەكێتی هەیە بە دەستێوەردانی پارتی، بەڵام پارتی بەڵینی هاوكاری داوە لە ئەگەری هەر جوڵەیەكی شەقامدا لە سنوری یەكێتی.

-تاكتیكی یەكێتی و پارتی بۆ فریودانی حكومەتی عێراق

یەكێتی و پارتی بەو شێوەیە رێككەوتوون كە رەتكردنەوەی رێككەوتن لەگەڵ بەغداد وەک تاكتیک بەكاربهێنن بۆ ئەوەی بەغداد بەوە رازی بكەن كە تەنها لەسەدا (50%)ی داهاتی خاڵە سنورییەكان رادەست بكەن و رێگە نەدەن بەغداد چاودێریان بكات، بەڵام رونە بەغداد لەم جوڵە تاكتیكیە ئاگادارە و بەمەرجەكەی یەكێتی و پارتی رازی نابێت.

بژاردەكانی بەردەم هەرێم

ئەوەی رونە ئێستا داهاتی مانگانەی هەرێم نزیكەی (200) ملیۆن دۆلارە كە سەدا (25 %)موچەی موچەخۆرانە و ناتوانن لەم ساڵدا لە دو موچە زیاتر بدەن بۆیە دەیانەوێت:

-1بەرادەست نەكردنەوەی خاڵە سنورییەكان كازمی ئیحراج بكەن لەبەرامبەر شەقامی عێراقی و هێزە سیاسیەكاندا و بە رادەست كردنی نیوەی داهاتی خاڵە سنورییەكان رازی بێت بەڵام ئەمە قورسە و دوای سەردانی كازمی بۆ واشنتن بەغداد فشاری زیاتر لە هەرێم دەكات.

-2یەكێتی و پارتی دەیانەوێت موچە بە چەند قۆناغێک دابەش بكەن بەسەر وەزارەتەكاندا بۆ ئەوەی خەڵک سەرقاڵ بكەن و هاوكات بە درێژكردنەوەی ماوەی دابەشكردنی موچە برە پارەی نەوت و داهاتی مانگی تەمموز و ئاب بێتەوە سەر بودجە .

هاوكات بەلایەنی كەمەوە سەدا (35-40%)ی موچەی فەرمانبەران ببڕن بەبیانوی نەبونی داهاتەوە و بەشێک لە پرۆژەی چاكسازیش جێبەجێ بكەن، بەڵام ئەمە رەنگە ئەمە باڵیكی یەكێتی و نارەزایەتی خەڵک رایبگرێت.

درێژەی شیكاری بۆ لاپەرە ٥

-3یەکێتی و پارتی چاویان لە سەرکەوتنی بایدنە و پێیانوایە لە ئەگەری سەرکەوتنیدا ئاسۆیەک بەرویاندا دەکاتەوە و پارسەنگی هێز بەلای هەرێمدا دەشکێنێتەوە نەک بەغداد.
-4ئەوەی رونە تا کازمی شوێن پێی خۆی قایم بکات زیاتر لە گەڵ هەرێم توند دەبێت .
-5ئەگەر کازمی بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەسەڵاتدا بێت و لە هەڵبژاردندا سەربکەوێت ئەوا نەوتی هەرێمیش دەکەوێتە دەستی بەغداد و سیستەمی موچەی هەرێم و بەغداد رێکدەخرێت و هەرێم لە ژێر دەستەی ئێران و تورکیا رزگار دەکرێت.
-6ئەوەی سپۆنسەری رێگرییەیە لە رێککەوتنی هەرێم و بەغداد تورکیایە و لە رێگەی نێچیرڤان بارزانییەوە ئەم کارە دەکات بۆ ئەوەی ئیبراهیم خەلیل و نەوتی هەرێم نەکەوێتە ژێر دەستی بەغداد.
-7ئەگەر کازمی لەگەڵ هەرێم بگاتە بنبەست بەهاوکاری ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دەپچڕێنن، بەڵام ئەمە کاتێک کێشەی ئێران یەکلای ببێتەوە و دەروازەی سنوریی عێراق کەنداو و ئوردون بکەوێتە سەرپێی خۆی ئەگەرنا لە ئێستادا داخستنی سنور بەڕوی تورکیا دەبێتە هۆی بەهێزبون و فراوانبونی هەناردەی ئیران بۆ عێراق کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە.
-8ئەگەری بەهێز هەیە لە مانگی ئەیلولی داهاتو شەقامی کوردستان دژی گەندەڵی و نادادییەکان لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە بجوڵێنرێت بەهاوکاری بەغداد.
-9لە کۆتایدا ئەوەی لەم چەند مانگەی پێش هەڵبژاردنی ئەمەریکادا یەکێتی و پارتی دەخاتە جوڵە و ناچار بە رێککەوتنیان دەکات تەنها فشاری باڵێکی یەکێتی و جوڵەی شەقامە ئەگەر شەقام بیدەنگ بێت بەو شێواز و تاکتیکانەی لە پەراوێزی سەرەوەدا باسکرا دۆخەکە بەم شێوەی ئێستا دەگەیەننە کۆتایی ساڵ و سەرەتای ساڵی داهاتو.
-پرسی رادەستکردنی خاڵە سنورییەکان تەنها بابەتی کاتە ئەگەرنا هەردەبێت رادەست بکرێت بەپێی دەستور و دەخرێتە ژێر چاودێری بەغداد و ئەم پرسە لە کازمی و یەکیتی پارتی گەورەترە و پەیوەستە بە ستراتیژی ئیدارەی ترەمپەوە لە عێراق.


*بەرپرسی دیسکی عێراق و کوردستانی
ناوەندی ئیمارات بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی

---

## ئەو مەکۆیە بسوتێنن ئاساییە! / هیوا عبدولله

ئێ بۆ کاکی من دەچیت ئەو مەکۆیە دەسوتێنیت ؟
ئاخر تو ویژدانت لێپرسراوی مەکۆ ئەگەر سەیارەی تۆیۆتا لاندکرۆزەری 8 دەفتەر دولاری بۆ کڕدراوە و 3 حیمایەی شەخسی بۆ دامەزێنراوە نەسریەکەی بەردەستی 3 ملیۆن دینارەو لەساڵی 94 دەستی سورە بەخوێنی رۆڵەکانی وڵات و خەریکی بازرگانی و قاچاغ چێتی تلیاک و حەشیشەو هێلکەو دوگ و هێنانی دەرمانی بەسەرچوو جگەرەو جگەری مریشک و دزینی نەوت و فرۆشتنی شەنگال و هەراج کردنی نیوەی خاکی کوردستانەو لە پاشەکەوت کردنی 35 موچەی موچەخۆران برینی قوتی خەڵک و سزادانی کارمەندانی قەزاکەیدا بەشدارە.
ئەوە بیسوتێنن ؟
خۆ ئەگەر رێکخەری بزوتنەوەکەی هاتووە قۆڵی خەڵکی بریوە پرۆژەی بازرگانی پێدروست کردووە و قەرزاری حکومەتە و نایداتەوە ؟ بیسوتێنن.
بەڵام تو ویژدانتان مەکۆیەک کە جگە لە خزمەت کردن و پاراستنی شکۆو بەرژەوەندیەکانی هاوڵاتیان و بەدوا کەوتن و چارەسەر کردنی کێشەکانی هاوڵاتیان هەڵسوراواندا بو بێت شایەنی ئەوەیە وای لێبکرێت؟

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!!



ئاوات سلێمانی

* بەڵام مەردبن و مەوەستن

ئێمەش وەک شیرین دێنە پاڵتان

بەس نەک نا مەردانە ئەوەی ٢٩ ساڵە قوتی تۆ لوش دەدا ، و دەیدات بە ڤێلاو و وەنەوشەو و لێکزز ،،، بۆ کچ و کوڕە ناسکە کانیان بیرتان بچێت..

* مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

بەڵام مەردبن نەوت دزو دوگ دزو هێلکە دزتان ،،، بیرنەچێت .

* مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

بەڵام خیانەتکارانی ٣١ی ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەرتان بیرنەچێ!!!

* مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

بەڵام بیرتان نەچێ کێ وەبیری خستن ئێوە پێویستان بەژیانێکی مەردانەیە ،،،

* مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

بەڵام زەردەشت کوژ و کاوە کوژەکانتان بیر نەچێ ،،،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

* بەڵام ٢٩ ساڵ عەزاب ، لەژێر سایەی حکومڕانێکی مافیای و دزو جەردەتان بیر نەچێ ،،،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

* بەڵام سەرمایەدارە هەڵتۆقیوەکان بەپارەی دەست برین و زەوی بەلاشی خۆتانتان بیرنەچێ ،،،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

* بەڵام بیرتان نەچێت مەکۆکان دروست کەری دەستی هەژاران و لێقەوماوان و بێدەرەتانانی گەلەکەمانە ،،،

ئەی ئێوە پەروەردەی دەستی کێ و کام بنەماڵە و مافیاو چەقۆ وەشێن و چەتەگەریەکن ،،،

مەکۆکانی گۆڕان بسوتێنن!!!

بیری شۆڕشگێڕی و فکری نەوشیروانیتان بۆ ناشێوێندرێ و ناسوتێنرێ !

**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیل:**

bargrinamasalam@gmail.com